# ئەگەر نیەتی هێنا ڕۆژووەکەی بشکێنێت پاشان پەشیمان بوویەوە لە شکاندنی

[ كردي – کوردی – kurdish ]


شێخ موحەمەد صاڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# إذا نوى الفطر ثم عدل عن نيته

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئەگەر نیەتی هێنا ڕۆژووەکەی بشکێنێت پاشان پەشیمان بوویەوە لە شکاندنی

**پرسیار** : کەسێکی موسافیر سەفەری کرد و بەڕۆژوو بوو، نیەتی هێنا کە ڕۆژوەکەی بشکێنێت، گەڕا هیچی دەست نەکەوت ڕۆژووەکەی پێ بشکێنێت، لەپاشاندا پەشیمان بوویەوە لە ڕۆژوو شکاندنەکەی و ڕۆژووەکەی تەواو کرد هەتا بانگی ئێوارە، ئایا ڕۆژووەکەی صەحیح و دروستە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

هەرکەسێك نیەتی هێنا ڕۆژوەکەی بشکێنێت و عەزمی جەزم کرد و هیچ دوودڵ نەبوو لە نیەتەکەی ، ئەوە ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، بەڵام پاشان هیچێکی وای دەست نەکەوت ڕۆژووەکەی پێ بشکێنێت، بۆیە دواتر پەشیمان بوویەوە لەو نیەتەی کە هێنا بووی بۆ شکاندنی ڕۆژوەکەی، مەزهەبی مالیکی و حەنابلە

بەلایانەوە وایە ڕۆژوەکەی دەشکێت، و واجبە لەسەریشی قەزای بکاتەوە، بەڵام حەنەفیەکان و شافعیەکان بەلایانەوە وایە نیەتی لەم شێوەیە ڕۆژووی پێ ناشکێت[ بۆ زیاتر دڵنیا بوون سەیری : بدائع الصنائع ٩٢/٢، حاشية الدسوقي ٥٢٨/١، المجموع٣١٣/٦، كشاف القناع ٣١٦/٢ ].

ئەو ڕایەشی کە بەلایەوە وایە ڕۆژوەکەی بەتاڵ بووەتەوە، ڕایەکی دروستر و پەسەندترە، کە دەڵیت : ئەگەر هاتوو نیەتی هێنا و عەزمی جەم کرد و هیچ دوودڵ نەبوو لە شکاندنی ڕۆژووەکەی بەڵام کاتێك گەڕا بە شوێن خواردن یان خواردنەوەیەك ڕۆژووەکەی پێ بشکێنێت هیچي دەست نەکەوت، ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵ بووەتەوە و واجبە قەزایشی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو نیەتەکەی تەنها نیازێکی ڕووت بوو، واتا عەزمی جەم نەکردبوو و تا ڕادەیەکیش دوودڵ بوو لە شکاندنی ڕۆژووەکەی، بۆ نموونە ووتی : ئەگەر شتێکم دەست کەوت ڕۆژووەکەم دەشکێنم وە ئەگەر نا ئەوە نایشکێنم، ئەم کەسە مادام نیەتی یەکلای نەکردوەتەوە و عەزمی جەزم نەکردووە،

ئەوائەگەر ڕۆژوەکەی تەواو کرد تا ئێوارە، ڕۆژووەکەی صەحیح و دروستە .

پرسیار کرا لە شیخ ابن عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

کەسێکی موسافیر سەفەری کرد و بەڕۆژوو بوو، نیەتی هێنا کە ڕۆژوەکەی بشکێنێت، گەڕا هیچی دەست نەکەوت ڕۆژووەکەی پێ بشکێنێت، لەپاشاندا پەشیمان بوویەوە لە ڕۆژوو شکاندنەکەی و ڕۆژووەکەی تەواو کرد هەتا بانگی ئێوارە، ئایا ڕۆژووەکەی صەحیح و دروستە ؟

لەوەڵامدا ووتی: ڕۆژووەکەی بەتاڵ بووەتەوە و پێویستە لەسەریشی قەزای بکاتەوە، چونکە کاتێك نیەتی هێنا ڕۆژوەکەی بشکێنێت ئەوا ڕۆژوەکەی شکاوە، بەڵام ئەگەر هاتوو ووتی: ئەگەر ئاوم دەست کەوت ئەوا ڕۆژوەکە دەشکێنم وە ئەگەر هیچم دەست نەکەوت ئەوە ڕۆژووی خۆم تەواو دەکەم و بەڕۆژوو دەبم، ئەم کەسە ڕۆژووەکەی صەحیح و تەواوە، چونکە نیەتی خۆی یەکلایی نەکردوەتەوە و عەزمی جەزم نەکردووە، بەڵکو پەیوەستی کردووە بە بوونی خواردن و خواردنەوەوە، کاتێکیش کە هیچی دەست

نەکەوت ئەوا لەسەر نیەتەکەی یەکەمجاری خۆی ماوەتەوە، ئەمجا ئەو کەسەی کە پرسیارەکەی کردبوو جارێکی تر پرسیەوە، و ووتی : باشە چۆن وەڵامی ئەو کەسانە بدەینەوە کە دەڵێن : هیچ کەسێك لە زانایان نیەتی ڕۆژوو شکاندیان بە یەکێك لەو شتانە نەژماردووە کە ڕۆژوویان پێ دەشکێت ؟

لەوەڵاومدا ووتی : ئەو کەسەی کە دەڵێت : هیچ کەس لە زانایان باسیان لەم شتە نەکردووە، پێی دەڵێین : لە کتێبێ (زاد المستقنع) دا هاتووە : هەرکەسێك نیەتی ئەوەی هێنا ڕۆژووەکەی بشکێنێت ئەوە ڕۆژوەکەی دەشکێت، برایانی بەرێزم ئاگادار دەکەمەوە کە شوێن قسەی هەندێك کەس نەکەون، بەبێ ئەوەی شارەزاییەکەی ئەوتۆیان هەبێت لە ئیسلام و علمی و زانستی شەرعی دەڵێن : نازانم هیچ کەسێك ئەم ووتەیەی ووتبێت، لەوە دەچێت ڕاست بکات، ئەو نەزانێت و نەیبیستبێت چونکە بێ ئاگایە لە کتێبێ زانایان و نایانخوێنێتەوە، بگرە هیچیشیان لەبارەوە نازانێت، پاشان گریمان ئەگەر هیچ کەسێیك لە زانایانیش لە کتێبەکانی خۆیاندا ئەم مەسئەلەیەیان باس

نەکردبێت، دەپرسم ئایا پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) نەیفەرمووە : «إنما الأعمال بالنيات» واتا : کاروکردەوەکان بە گوێرەی نیەتەکان دەبن، ئەو کەسەش کاتێك نیەتی هێنا و عەزمی جەزم کرد کە ڕۆژووەکەی بشکێنێت ئایا ڕۆژووەکەی دەشکێت ؟ من دەڵێم بەڵێ ڕۆژوەکەی دەشکێت [ لقاء الباب المفتوح" (٢٠/٢٩) ] .

خوای گەورەش زاناترە .